National Endowment for Democracy
Supporting freedom around the world

RADIO DENG

# یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان

راپۆرتێک لەبارەی:

# کێشە و گرفتەکانی تەندروستی لە روبەڕوبونەوەی کۆرۆنا

رادیۆی دەنگ
یەکەی چاودێریی

1/8/2020

| ژمارەی پەڕە | ناونیشان |
| --- | --- |
| ٢ | پێشەکی |
| | بەشی یەکەم: ڕاپۆرت |
| ٢ | یەکەم: کێشە و کەموکورتیەکان لە زاری هاوڵاتیانی نەخۆشەوە |
| ٥ | دوەم: بەڕێوەبردن و ئیدارەدان |
| ٧ | سێیەم: ستافە تەندروستیەکان |
| ١٢ | چوارەم: ئامێر و پێداویستی پزیشکی |
| ١٤ | پێنجەم: بودجەی دابینکراو |
| ١٥ | شەشەم: ڕەوش و کێشەی نەخۆشخانە |
| ١٧ | حەوتەم: لێپێچینەوە لە "کەمتەرخەمیەکان" |
| | بەشی دوەم |
| ١٩ | دەرەنجام و ڕاسپاردەکان |
| | بەشی سێیەم |
| ٢٣ | ناساندن |

**بەشی یەکەم: راپۆرت**

## پێشەکی:

لە سەرەتای مانگی حوزەیران ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ (Covid-١٩) لە سنوری گەرمیان بڵاوبوەوە، بە دیاریکراوی لە دو هەفتەی کۆتایی مانگی حوزەیران بە چڕی ڤایرۆسەکە لە ناوچەکە تەشەنەیسەند، ئەمە لە کاتێکدابو هەر لە کۆتایی مانگی شوباتەوە تەندروستی گەرمیان رایگەیاندبو ئامادەکاری تەواویان کردوە، بەڵام کە دۆخەکە هاتە پێشوە دیمەنێکی دیکە بینرا کە شارەزایانی ئیداری ئاماژە بەوەدەکەن ئەمە دەرئەنجامی نەبونی ئامادەکاری بوە.

لەم راپۆرتەدا بە وردی باس لە قۆناغەکانی مامەڵە لەگەڵ بڵاوبونەوەی پەتاکە لەلایەن تەندروستی گەرمیانەوە کراوە، ئەو کەسانەی نەخۆشی کۆرۆنا بون لەگەڵ هاوەڵەکانیان دۆخی رۆژەکانی ناو نەخۆشخانەکان دەگێڕنەوە، هەر لە راپۆرتەکەدا ئاماژە بە بەدواداچونەکان بۆ لێپێچینەوە لە کەمتەرخەمی و بەرپرسان لەو روەوە دراوە، لەگەڵ قسەکردن لە سەر دەستێوەردانی حزبی و شەخسی لەم پرسەی کە پەیوەستە بە ژیانی هاوڵاتیانەوە.

### یەکەم: کێشە و کەموکورتیەکان لە زاری هاوڵاتیانی نەخۆشەوە

#### ١. "نابەرپرسیاریەتی بوە هۆکاری گیان لەدەستدانی براکەم"

"ئەو ئامێرەی کە هیوای دەگەڕاندەوە بۆ براکەم و بەوهۆیەوە گیانی لەدەستدا، لە ڕاڕەوەکە دانرابو". کاروان محەمەد مەولود، ئەمەی وت.

ئەو لە رێکەوتی (٢٠٢٠/٦/١١)، (ئەرکان)ی برای کە کارمەندی تەندروستی بو لە سەنتەری گورچیلەی دەستکرد لە کەلار، دوای مانەوەی لە نەخۆشخانەی قەڵا بۆ چەند رۆژێک، خێزانەکەی ئیزن وەردەرگرن و دەیبەنە سلێمانی و لەوێ ماڵئاوایی لە ژیان دەکات.

کاروان محەمەد مەولود، بە نیگەرانی زۆرەوە باسی گیان لەدەستدانی براکەی کرد وتی: ٨ ئامێری هەناسەدانی دەستکرد هەبو دوانیان ئیشیان نەدەکرد بەهۆیەکی زۆر بچوک کە جێگەی باوەڕ نیە بۆ مەرگەساتێکی وا کە رویکردە گەرمیان نەخۆش بەهۆی ئەوەوە گیان لەدەست بدات.

وتیشی: دواتر قسەم لەگەڵ ئەندازیاری ئامێرەکان کرد، وتی ئێمە گرێبەستمان بۆ سێ ساڵ کردوە بێ هیچ گومانێک لە کەمترین ماوە ئەوەی کەپێویست بوە بۆمان دابین دەکرد.

به وتەی (کاروان)، ئەمە دەرخەری ئەوەیە کەس لە کەرتی تەندروستی گەرمیان خۆی بە بەرپرسیار نازانێت. وتیشی: کارمەندی تەندروستی بنکە هێنرابو هەر نەیدەزانی حەپ و چارەسەرەکان چیە و چۆن بەکاردێن.

"بەڕێوبەری تەندروستی بەرپرسیاریەتیەکی زۆر گەورەیە دەبێت گۆڕانکاری تێدا بکرێت و کەسێکی گەرمیانی بێت بۆ ئەوەی دڵی هەبێت و پێی ئاسایی نەبێت کە کەسوکار و هاوڕێکانی بە پێش چاویەوە بمرن". کاروان محەمەد مەولود، کە هاوکات بەڕێوبەری سەنتەری گورچیلەی دەستکردە لە کەلار، باسی لەوەشکرد: ئیدارەدانێکی زۆر خراپی کۆرۆنا درا و ئامادەکاری بۆ نەکرا، لەکاتێکدا زۆر درەنگ لێرە ڤایرۆسەکە بڵاو بویەوە.

ئاماژەی بەوەشکرد: کۆرۆنا دەرخەری ئەوەبو کە ئیدارەدان و لێپێچینەوەو بەدواداچون لە تەندروستی گەرمیان وێرانەیە.

**٢."بەشی زۆری چارەسەرەکانم لەدەرەوە دەکڕی بەچەند سەعات کەس نەدەهات بەلاماندا"**

دلێر ئەمین، یەکێکی دیکەیە لە توشبوانی ڤایرۆسی کۆرۆنا و لەبەرواری ١٥ی حوزەیران داخل بە نەخۆشخانەی قەڵا کراوە و لە ٢٢ی هەمان مانگ بەبێ پشکنین ئیزن دەدرێت.

باس لەمامەڵەی پزیشک و کارمەندەکانی نەخۆشخانەی بەمشێوەیە کرد: "یەکەم ڕۆژ کە داخلکرام لە نەخۆشخانە پزیشکێک  هات وتی چۆنی؟ منیش وتم باشم، کەچی ڕۆشت، من بەحسابی سڵاو تێگەشتم نەمزانی وادەپرسنەوە لە نەخۆش! دواتر چەندێک بارودۆخی تەندروستیم خراپ بو ڕۆشتمە لای کارمەند و موقیمەکان هیچیان بۆ نەکردم".

لە بارەی چاودێریکردن و بەدەمەوە هاتنیان، وتی: هاوتەنیشتەکەم ڕۆژێک زۆر هاواری کرد لەبەر ئازاری مەعیدەی کەس نەدەهات بە هانایەوە تا پزیشکە پسپۆڕەکە هات، کەچی ئەو دو کچە پەرستارەی لەگەڵی بون نەیانزانی کانیۆلاکەی بۆ دانێن بۆ ئەوەی ئازارشکێنەکەی لە ڕێگەی "موغەزیەوە" بۆ بکەن، هەتا شەوەکەی ستافێکی تر هاتن کانیۆلایان بۆ دانا.

دەشڵێت: لە نەخۆشخانەکە هەموی نزیکی یەک بون، کە کەسێک دەمرد هەموی ترسی لێدەنیشت، نەخۆش هەبو ئۆکسجینی ٩٥ بوە کە هاوتەنیشتەکەی دەمرد دەگەشت بە٦٠.

لەبارەی چارەسەرەکانەوە وتی: نیوەی حەپ و شروبەکان لەدەرەوە دەمانکڕی.

### ٣. "خزمەتێکی باش کراوین"

نەخۆشێک کە هاوکات مامۆستای زانکۆیە، بەپێچەوانەوە دەستخۆشی لە ستافی نەخۆشخانەکە دەکات و پێیوایە لەو ٩ ڕۆژەی کە لە نەخۆشخانەکەدا بوە، خزمەتێکی باش کراوە.

د. ئەیاد فایەق، لە پۆستێکدا لە هەژماری خۆی لە فەیسبوک لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٧/٢١)، ئاماژەی بەوەکردوە کە (٩) ڕۆژ لە نەخۆشخانەی قەڵا ماوەتەوە. دەڵێت: هەمو کارمەندەکان بە رویەکی خۆش و بە پەرۆش و دڵسۆزیەوە خۆنەویستانە بەشەو و ڕۆژ خزمەتیان دەکردین.

دەشڵێت: من ناڵێم کەموکورتی نیە، لە هەمو شوێنێک کە مرۆڤ کاردەکات کەموکورتی هەیە، بەڵام لە نەخۆشخانەی قەڵا کە زۆربەیان خۆبەخشانە کاردەکەن، دەبێت زۆر دەستخۆشی لەو نەخۆشخانەیە بکەین.

### ٤. جیاوازیکردن بۆ پشکنینەکان

بە پێی ئەو زانیاریانەی دەست یەکەی چاودێری کەوتوە، لە ٢٧ حوزەیران ئەو کەسانەی بۆ پشکنین ڕۆشتونەتە بەردەم تاقیگەیەکی تایبەت بە کۆرۆنا، بۆ ماوەی ٣ کاتژمێر لە ژێر هەتاوی گەرم چاوەڕێ ئەو ساتافەیان کردوە کە کیتی پشکنینەکانیان پێبوە، بەو هۆیەشەوە بەشی زۆری ئەو کەسانەی کە چاوەڕوان بون بە هۆی ئەوەی هەڵگری ڤایرۆسەکەبون بە قورسی نیشانەیان بوە نەیانتوانیوە چاوەڕوانبن. لە هەمان کاتدا چەندین نەخۆشی داخلکراو بە بێ پشکنین لە نەخۆشخانە ئیزندراون بەهۆی ئەنجامنەدانی پشکنین بۆیان.

دلێر ئەمین، ئاماژەی بەوەکرد: "لە ڕۆژی هەینیەوە پزیشک پێی وتن پشکنینم بۆ بکەن و بارودۆخی باشە، بەڵکو ڤایرۆسەکەی تێپەڕاندبێت، دوای پێنج ڕۆژ هەمو ڕۆژێک دەچوینە تاقیگە و پشکنینیان نەدەکرد، سەرەنجام پزیشک بەبێ پشکنین ئیزنی داین".

## دووەم: بەڕێوەبردن و ئیدارەدان

لە کوردستان و گەرمیان وەک ناوچە کاتێک نەخۆشیەکە تەشەنەیسەند و بڵاوبویەوەو ئەزمونێکی زۆر لەبارەی مامەڵەکردن لە گەڵ ڤایرۆسکە بەدەست خرابو، لە وڵاتان رێنمایی و رێکاری نوێ و گونجاو خرابونەڕو لەبەر ئەوەی سەرەتای سەرهەڵدانی ڤایرۆسەکە لە زۆرێک لەوڵاتان مانگی شوبات بو، بەڵام لە گەرمیان کەوتە مانگی حوزەیرانەوە، کەچی ئەوەی چاوەڕواندەکرا وانەبو، لەم سۆنگەیەشەوە ئیدارەدانی پرۆسەکە قسەوباسی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا بەوەی وەکپێویست مامەڵە لەگەڵ دۆخەکە نەکراوە و "ئیدارەیەکی سەرکەوتو" نەدراوە.

### ١. پسپۆڕێکی کارگێڕی: بنەماکانی ئیدارەدان لە روبەڕوبونەوەی کۆرۆنادا نەبو

لە روی زانستی ئیدارەدانەوە دەبێت کۆمەڵێک بنەما پەیڕەو بکرێت بۆ ئەوەی بە سەرکەوتویی بتوانرێت باردۆخێک یان پێشهات و کارێک ئیدارە بدرێت، بنەماکانیش ئەمانەن: پلان، رێکخستن، ئاڕاستەکردن و چاودێری.

د. چیا محەمەد، پسپۆڕی کارگێڕی و راگری پەیمانگای تەکنیکی کەلار، ئاماژە بەوەدەکات هۆکاری ئەوەی تەندروستی گەرمیان بەو ژمارە نەخۆشەی کە هەیبو کەوتە ئەو دۆخە، بۆ نەبونی پلان و پێشبینی پێشوەختە دەگەڕێتەوە بۆ قەبارەی نەخۆشەیەکە و دانەنانی بەرنامەی ئیدارەدانی پێویست.

لە هەمان کاتدا پێیوایە: ناشارەزایی ئیدارەدان و دروستکردنی چینایەتی و حزبایەتی وای لە کەرتی تەندروستی کرد لەو باردۆخەشدا یەک نەبن.

یەکێک تر لەو پێشهاتانەی هاتە پێش، بایکۆتکردنی کارمەندانی تەندروستی و پزیشکان بو، ئەمەش بەهۆی پێنەدانی موچەکانیان.

د. چیا محەمەد، پێیوایە لەو کارەساتەی رویکردە گەرمیان دو لایەن بەرپرسی یەکەم بون لە روی ئیداری و کارگێڕیەوە، یەکەم: حکومەت کە موچەی دابەشنەکرد وایکرد بارودۆخەکە دوهێندە قورس بێت، دوەمیش: خراپ ئیدارەدانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەلای بەڕێوبەرایەتی تەندروستی گەرمیان.

ئیدارەدانی پرۆسەکە بۆ چالاکوانانیش جێگەی پرسیارەو بە خراپی دەزانن.

ئاراز محەمەد، رۆژنامەنوس و چالاکی مەدەنی، ئاماژەی بە شێوازی ئیدارەدانی دۆخەکەکرد و وتی: ئیدارەدانێکی زۆر خراپ درا، ئەبوایە بەڕێوبەری تەندروستی پێشوەخت ئەم دۆخەی لە پێشچاو بوایە و پێداگری بکردایە کە پێداویستیەکانی بۆ دابینبکرێت، نەوەک دوای روداوەکان داواکاری بنوسێت.

## ٢. رەنگدانەوەی ململانێی حزبی لەئیدارەدانی پرۆسەکە

تەندروستی کەرتێکی خزمەتگوزارییە، چالاکوانانی کۆمەڵگەی مەدەنی جەخت دەکەنەوە هۆکاری خراپی کەرتی تەندروستی لە گەرمیان، پەراوێزخستنی ناوچەکەیە لەگەڵ دەستی حزبی کە کەرتەکەی وەک وێرانە لێکردوە.

ئاراز محەمەد، رۆژنامەنوس و چالاکوانی کۆمەڵگەی مەدەنی، تیشکی خستە سەر ئەم لایەنە و وتی: لەبەر ئەوەی سلکی حزبی و سیاسی تێکەڵ بە کەرتە حکومیەکان بوە لە نێویشیاندا تەندروستی، بۆیە هەمیشە کەرتێکی کەوتو و روخاوە.

وتیشی: لە روی تەندروستیەوە چەندین ساڵە گەرمیان پەراوێزخراوە، یەکێتیش وەک حزب ویستی کەوتنی ئەو کەرتە پیشان بدات بۆ ئەوەی بڵێت ئەوە بزوتنەوەی گۆڕانە لە کاتی ئیدارەدان، دواتریش سەرکردایەتی دێنێتە ناوچەکە وەک فریادڕەسیان.

لەبارەی چارەسەرکردنیەوە دەڵێت: دەبێت دەستی سیاسەت و حزب لە کەرتی تەندروستی ببڕێت.

لە بەرامبەردا (فەرهاد نامیق)، راوێژکاری یاسایی و بەڕێوبەری کاروباری یاسایی لە ئیدارەی گەرمیان کە ئێستا سەرقاڵی بەداداچونن لەسەر کەمتەرخەمیەکانی تەندروستی لە ئیدارەدانی کۆرۆنا، وتی: "ئێمە گەشتوین بەو راستیەی کە هیچ شتێکی لەو شێوە بونی نیە کە حزبێک بۆ شکاندنی بەڕێوبەری گشتی تەندروستی ئەوەی کردبێت، ئەوەنەی خودی لایەنگرانی گۆڕان لەو کاتەدا هەڵایان لەسەر ئەو کەرتە دروستکرد یەکێتی نەیکرد".

هاوکات (عەباس عەبدولعەزیز)، یاریدەدەری بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان بۆ کاروباری کارمەندانی تەندروستی، رەتی دەکاتەوە دەستێوەردانی حزبی هەبێت لە کارەکانیان.

تێڕوانینی دیکەشی هەبو و وتی: "ئەگەر هاوکاریەکانی یەکێتی بە دەستێوەردان ئەبینرێت، ئەوە با هەبێت و بەباشی دەزانین".

لە بەرامبەردا رایەکی دیکە لەناو کەرتی تەندروستی دا هاوکاری حزبی بەباش نازانێت، بەڵکو پێیوایە دەبێت حکومەت ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆ نەوەک مامەڵەی حزبی لەگەڵ ئیشی حکومەت تێکەڵ بکرێت.

د.واسق کەریم، پزیشکی پسپۆڕ لە تەندروستی گەرمیان، وتی: "بەمشێوەیە ئەوە دەخوێنینەوە کە حکومەت لاوازە و حزب بەهێزە، کە ئەمەش کاریگەری باشی نابێت". وتیشی: هاوکاری کارێکی پیرۆز بو، بەڵام دەبێت حکومەت ئەوە بکات.

## سێیەم: ستافە تەندروستیەکان

سەختی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسەکە، وایکردبو نەخۆشخانەی تایبەت بە کۆرۆنا رۆژ لە دوای رۆژ ژمارەی نەخۆشی زیادی دەکرد، لەبەرامبەریشدا خزمەتگوزاریەکان بەپێی ئەو زیادکردنە نەدەچونە پێشەوە، لەنێویشیاندا ستافەکان.

### ١. کەمی پزیشک

### ا). هەر نەخۆشێک ٢ خولەک پزیشک بینیویەتی

لەهەندێک رۆژی بڵاوبونەوەی پەتاکە، ژمارەی نەخۆش گەشت بە سەروی ٩٠ نەخۆش کە باردۆخی تەندروستیان ناجێگیربوو کەچی ٥ پزیشک لە نەخۆشخانەکە لە ئەرکدابون، ئەو پزیشکانەش بەخشتەیەک دەوامیان دەکرد و رۆژانە یەک دانەیان نەخۆشەکانی بەسەر کردۆتەوە لە کاتژمێر ٩ بەیانی تاوەکو ١٢ یاخود یەکی نیوەڕۆ.

ئەگەر بە کات ژماردنی بۆ بکەین، پزیشکێک کاتژمێر ٩ بەیانی هاتبێتە بینینی نەخۆشەکان تاوەکو ١٢ نیوەڕۆ، دەکاتە ٣ کاتژمێر، ئەمەش واتە هەر نەخۆشێک ٢ خولەک پزیشک بینیویەتی، ئەمە بەدەر لە هەژمارکردنی کاتی رۆشتوی لە رێگای ژورەکان.

هاوکات نەخۆشەکان بە رونی باسی کەمی ستافی پزیشکیان کردوە ئەم گرفتەش بوە هەڵایەکی گەورە، بەڕێوبەری نەخۆشخانەکەش وەک هاوڵاتیان جەخت لەمە دەکاتەوە.

د.هاوار وشیار، دەڵێت: لە سەرەتادا ئەوەندە ژمارەی پزیشکمان کەم بوە فریایی نەخۆشەکان وەکپێویست نەکەوتون.

باسی یەکێک لەو رۆژانەشی کرد کە لەیەک کاتدا سێ نەخۆشی کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوە، وتی: ئێمە چەند کەم بوین کاری خۆمان دەکرد، ئەم نەخۆشیە هیچ چارەسەرێکی نیە، بەڵام چاودێری کردنی باش دەوری خۆی هەیە.

بە پێی وتەی بەڕێوبەری نەخۆشخانەکە، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کەمی پزیشک و ستافە "تەنها توانیوایانە داواکاری بنوسن".

**ب). ستافێکی تەواونەکراو**

ئەگەرچی پزیشکی هەناوی و سنگ وەک پسپۆڕ دیاریکراون بۆ بینی نەخۆشەکانی کۆرۆنا، بەڵام ئەرکی چاودێری وردی ئەم نەخۆشخانە لە ئەستۆی پزیشکی نیشتەجێی دێرینە، لە کاتێکدا گەرمیان هیچ پزیشکێکی نیشتەجێی دێرینی نیە لە نەخۆشخانەکانی و لەم باردۆخەشدا بۆی دابینەکرا.

د. واسق کەریم، پزیشکی پسپۆڕی هەناوی و چاودێری توشبوانی کۆرۆنا، ئەمەی بە کێشەیەکی چارەسەرنەکراوی چەند ساڵەی تەندروستی لە گەرمیان هەژمارکرد و ئەوەی خستە بەرباس کە ساڵانی رابردو بەمهۆیەوە نەخۆشی گەرمیان لە چەندین چارەسەر و نەشتەرگەری بێبەشکرابون، بەڵام لەگەڵ کۆرۆنا ئەمە دیارتر کاریگەریەکەی دەرکەوت.

لە بارەی ئەو بۆشاییە خزمەتگوزاریانەی بەمهۆیەوە هاتۆتە پێش، نمونەی ئەوەی هێنایەوە کە نەخۆشێکی کۆرۆنا ئەگەر شەکرەی هەبێت پێوستە ئەو دەرمانانەی بۆی بەکاردێنین بەردەوام بە کاتی دیاریکراو لە ژێر چاودێری پزیشکی نیشتەجێی دێرین بێت، چونکە هەم شارەزایە و ئەرکی ئەویشە لە کاتی هەر گۆڕانکاریەکی نەخوازراودا هەوڵی کۆنترۆڵکردنی باری تەندروستی نەخۆشەکە دەدات، ئەمەش وادەکات مەترسی زۆر کەم بێتەوە لەسەر نەخۆشەکە.

ئەو پزیشکانەی پسپۆڕی هەناوین لە نەخۆشخانەی قەڵا و چاودێری نەخۆشخانەکان دەکەن، ژمارەیان (٥) پزیشکی پسپۆڕە، ئەوان بەیانیان لە نەخۆشخانەن، دواتر بە تەلەفۆن لەگەڵ نەخۆشخانە پەیوەندیان هەیە، لە نەخۆشخانەکەش هیچ پزیشکێکی نیشتەجێ دێرینی هەناوی نیە و ئەوەی هەیە چەند پزیشکێکی نیشتەجێن "مقیم" کە لە روی زانستی و ئەزمونەوە، ناتوانن رۆڵی پزیشکی نیشتەجێی دێرین "مقیم اقدم" ببینن.

**ب) وەزیر بێ وەڵامە بۆ کێشەی کەمی پزیشک**

دەرئەنجامەکان بۆ ئەم پرسە قەتیس بوە، گرفتەکە گەیەندراوە بە وەزیر، بەڵام وەڵامێکی فەرمی نیە بۆ چارەسەرکردنی.

د. هاوار وشیار، ئەوەی خستەڕو کە ئەم گرفتەیان گەیاندوە بەوەزیری تەندروستی لە کۆتا سەردانی بۆ نەخۆشخانەی قەڵا، بەڵام هیچ وەڵامێکی ئەرێنیان پێنەگەیشتوە.

بۆ چارەسەکردنی ئەم گرفتە، د.واسق کەریم، پێشنیار دەکات وەک چۆن ئەو کاتەی ناوچە جێناکۆکەکان کەوتنە بەر پەلاماری چەکدارانی داعش، بەخشتەیەک پزیشکی نیشتەجێی دێرین نێردرا بۆ گەرمیان لەلایەن تەندروستی سلێمانیەوە، ئێستاش دەبێت وابکرێت بۆ ئەوەی ئەم بۆشاییە لە کارەکە دروست نەبێت.

**٢. کارمەندی تەندروستی**

رێکنەخستنی خشتەیەکی تایبەت بە کارمەندان لە بەرێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان لە سەرەتاوە بۆئەوەی ستافی کارکردن و ستافی جێگرەوە (بدیل) دیارییبکرێت، وایکرد ژمارەیەکی کەمی کارمەندی نەخۆشخانەی گشتی ئەرکێکی زۆر قورس و بەرپرسیاریەتیەکی گەورەیان بکەوێتە سەرشان.

**ا) نەبونی پلانی پێشوەخت بۆ ئامادەکردنی ستافی کارمەند**

لە کۆتایی مانگی شوبات تەندروستی گەرمیان ئامادەکاری خۆی بۆ روبەڕوبونەوەی ڤایرۆسەکە راگەیاند، بەڵام کە مانگی حوزەیران ڤایرۆسەکە بڵاوبویەوە و بەخێرای تەشەنەیسەند، نەخۆشخانەی گشتی کە تایبەت بە کۆرۆنا تەرخانکرابو، کەوتە ژێر بارێکی قورس بە هۆی کەمی ستافی کارمەندەوە.

ئەرکان محەمەد رەشید، لێپرسراوی کارگێری نەخۆشخانەی گشتی کەلار، ئەوەی خستەڕو سەرەتای دەرکەوتنی کۆرۆنا تا هاتنە سەرخەتی چەند لایەنێک، ئەوان بە نزیکەیی ١٠ بۆ ٢٠ کارمەند ئیدارەی توشبوانی کۆرۆنایان دەدا لە گەرمیان!

نەشیشارەدەوە "بە تەلەفۆن و تکای هاوڕێیانە" کارمەندەکانیان دەهاتنەوە بۆ چاودێریکردنی توشبوان، وەکخۆیشی وتی: "کەسیش لێپێچینەوەی نەدەکرد بۆیە باردۆخە زۆر خراپ بو".

کەواتە بۆچی پێشوەخت ئامادەکاری نەکرابو لەکاتێکدا پەتاکە لە خواری عێراق و وڵاتی ئێران کە هاوسنورن لەگەڵ ناوچەکە بڵاوبوبوەوە؟

عەباس عبدولعەزیز، یاریدەدەری بەرێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان بۆ کاروباری کارمەندان، لەبارەی ئەمەوە وتی: گەڵ قۆناغەکانی بڵاوبونەوەی نەخۆشیەکە ژمارەی کارمەندیان زیادکردوە بۆ ستافی چاودێری نەخۆشانی کۆرۆنا.

له بەرامبەردا د.هاوار وشیار، جەختیکردوە کە هێنانی ئەو کارمەندانە سەرەتا خوێندنەوەی بۆ نەکرابو و سودیان وەکپێویست لێنەبینیون.

ئاماژەی بەوەشکرد بەهۆی ئەوەی پچڕ پچڕ کارمەندیان بۆ دابینکردون، نەیانتوانیوە ستافێکی جێگیر و گونجاو دیاریبکەن، ئەمەش هۆکاربوە بۆ دەرکەوتنی شڵەژان لە تەندروستی گەرمیان دا.

**ب) نەبونی ئەزمون**

کەمی ئەزمون و نەبینی خولی تایبەت، یەکێکە لەو گرفتانەی کە هاتە پێش لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ پرسەکە.

ئەیاد محەمەد، سەرپەرشیاری تاقیگەی کۆرۆنا لەگەرمیان، باسی لەوەکرد: زۆرگرنگ بوە کە کارمەندەکان ڕێنمایان پێبدرایە لە گەڵ خولی تایبەتیان ببینیایە بۆئەوەی بەباشی ئامادە بکرایەن.

لە کاتی ئامادەکردنی راپۆرتەکە لە تاقیگەکە ١٢ کارمەند و پزیشکی تاقیگە لە ستافەکە بەشداربون.

ئەو پسپۆڕەی بواری تاقیگە، هێمای بەوەشکرد: باشترین ڕێگە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ نەخۆشیە ڤایرۆسیەکان ئامادەکردنی ستافی راهێنراوە "بەهۆی ئەوەی لێرە ئەوە نەکرا دەمانبینی کارمەند دەهات بۆ ئێرەو دوای دو رۆژ توشی پەتاکە دەبو".

ئەمە لەکاتێکدایە چەندین نەخۆش و هاوەڵی نەخۆش شاهیدی ئەوەن کارمەند هەبوە نەیتوانیوە کانیلۆیەک دابنێت یان چاودێرێکی باشیان بکەن، تەنانەت هەبوە نەخۆش خۆی بەدوایان گەڕاوە تاوەکو سەیرێکی چارەسەرەکانیان بکات، کەچی نەیزانیوە چۆن بەکاردێت.

یاریدەدەری بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان بۆ کاروباری کارمەندان، راهێنان بە گرنگ دەزانێت و دەڵێت: گرنگ بو کارمەندەکان راهێنان بینن و ئامادەبکرێن، بەڵام بارودۆخەکەی ئێرە ڕێگەی بەوەنەداوە راهێنان بە کارمەندەکان بکەن، خۆشیان شارەزایان هەبو.

ئاماژەی بەوەشکرد تەنانەت چەند کارمەندێکیان خۆیان توشی ڤایرۆسەکە بون لەکاتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ نەخۆشەکان "بەشێکی بەرچاویان لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار توشی ڤایرۆسەکەبو بون".

خشتەی تەندروستکارانی توشبوی کۆرۆنا تا بەرواری (٢٠٢٠/٧/١٥)

| پیشە | توشبون | گیان لەدەستدان |
| --- | --- | --- |
| پزیشک | ٦ | ٠ |
| کارمەندی تەندروستی و کارگێڕی | ٧٩ | ٢ |
| کۆی گشتی | ٨٥ | ٢ |

**پ) تەندروستی گەرمیان نزیکەی ٢٠٠٠ کارمەند و پزیشکی هەیە کەچی پەنا دەباتە بەر گرێبەست**

تەندروستی گەرمیان ژمارەی کارمەندانی تەندروستی فەرمی ( ٥٥٠) کارمەندە لەسەرجەم بەشەکانی نەخۆشخانە و سەنتەر و بنکە و مەڵبەندەکان، لەو کاتەشدا زۆرینەیان لە ئەرکدا نەبون بە هۆی داخستنی ناوەندە تەندروستیەکان.

لەگەڵ ئەوەشدا کۆی گشتی پزیشک و کارمەندی تەندروستی و کارمەندە ئیدارییەکان و خزمەتگوزاریەکان لە تەندروستی گەرمیان ١٨٧٤ کارمەندە.

کەچی لەو ژمارە کارمەندە، ژمارەیەکی کەمیان لە روبەڕوبونەوەی کۆرۆنا دەستبەکاربون.

بە وتەی (ئەرکان محەمەد رەشید)، لەم کاتەدا سەروی ١٥٠ کارمەند و پزیشک لە نەخۆشخانەی قەلا لە کاردان، لەم ژماریەش ٨٦ تەندروستکاریان لەوانەن کە تایبەت بەم باردۆخە گرێبەستیان لەگەڵدا کراوە.

ئەم بەکارنەهێنانە، هاوکاتە بە گرێبەست کردن لەگەڵ کامەندانی دیکەی دەرەوەی میلاکی تەندروستی گەرمیان، بۆ دەستبەکاربون لە نەخۆشخانەی قەلا، کە سەرەتا بە پارەی ئیدارەی گەرمیان و ژمارەیەک خێرخواز ئەو کارە دەستپێکرا، پاشان تێچونەکەی یەکێتی نیشتمانی گرتیە ئەستۆ.

عەباس عبدولعەزیز، وتی: دوای ئەوەی هاوسەرۆکی یەکێتی هاتە گەرمیان بریاری دا چەند کارمەند و پزیشکێکی بەشە جیاوازەکانمان پێویستە بە لیستێک ئامادەی بکەین ئەوە بو دواتر بریاریدا موچەی شەش مانگیان لە ئەستۆبگرێت.

خشتەی ئەو کارمەندانەی کە وەک گرێبەست لە نەخۆشخانەی قەڵا وەرگیراون

| پسپۆڕی | پەرستار | دەرمانساز | پزیشکی بێهۆشکاری | چارەسەری سروشتی | کارگێڕی | ژینگەپارێز | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ٤٥ | ١٠ | ١٠ | ٦ | ٥ | ١٠ | ٨٦ |

## چوارەم: ئامێر و پێداویستی پزیشکی

پێداویستی و ئامێر و کەرەستە پزیشکیەکان، لەو بوارانە بون گرفتیان هاتەپێش بۆ خزمەتگوزاریە تەندروستیەکانی تایبەت بە توشبوانی کۆرۆنا، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک لە پێداویستیەکان کە بەشێکی گرنگی پرۆسەکەبون لە کاتی خۆیدا بەردەست خراون.

ئەیاد محەمەد، لێپرسراوی تاقیگەی تایبەت بە پشکنینی کۆرۆنا، جەختی لەوەکردەوە هەر زو ئامێری تایبەتیان بۆ بەردەست خراوە و ئەو مەواد و کەرەستانەشی کە پێویستیان بوە رۆژانە بۆ پشکنینیەکان سەرجەمیان بۆ کڕدراوە.

باسی لەوەشکرد: هەندێکجار ئەگەر دواش کەوتبێت بەهۆی ئەوەوە بوە کە لەدەرەوەی وڵات هێنراوە و رێکارەکان دوایان خستوە.

### ١. کەمی ئامێر و پێداویستی پزیشکی وایکرد نەخۆش بچێتە سلێمانی

گەرمیان لە سەردەمی کۆرۆناش لە ناردنی نەخۆش بۆ سلێمانی بەردەوام بو، بە پێی زانیاریەکانی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان، چەندین هاوڵاتی بەهۆی نەبونی متمانە بە نەخۆشخانەکەی کەلار نەخۆشەکانیان دەبەنە سلێمانی، سەرپەرشتیاری نەخۆشخانی کۆرۆناش دەڵێت: ئێمە نەخۆشمان نەناردوە مەگەر خۆی ویستبێتی و رۆشتبێت.

کەمی ئامێر و پێداویستی لە کاتێکدایە بودجەی تایبەت دابینکرا بۆ تەندروستی گەرمیان، بەڵام کەچی گرفتی دەرمان و پێداویستی نەخۆشخانەکان، سەرمایەدار و چالاکوان چاسەریان کرد.

ئامێری هەناسەدانی دەستکرد یەکێک بو لەو ئامێرانەی کە وەک هیوایەک بۆ مانەوەی ئەو کەسانەی بارودۆخیان ناجێگیرە بەکاردەهێندرێت، قسە لەسەر ئەوە دەکرێت نەخۆش هەبوە بەهۆی کەمی ئەو ئامێرانەوە بەناچاری براوەتە سلێمانی.

د.هاوار وشیار، دەڵێت: "ئێمە نەخۆشمان نەدەنارد بۆ سلێمانی، چونکە ئەگەر بشماننارد‌بایە ئەبوایە چەندن تەلەفۆنمان بکردایە هەتا وەریبگرن، بەڵام ئەگەر کەسێک لەسەر بەرپرسیارێتی خۆیان دەریانکردبێت لە نەخۆشخانە، ئەوە دەسەڵاتی ئێمە نەبوە، چونکە ناتوانین بەزۆر نەخۆش بهێڵینەوە.

هاوکات تەندروستی گەرمیان کارگەی ئۆکسجینیشی نیە، لە کاتێکدا لە ساڵی ٢٠١٧ دوای روودانی بومەلەرزەیەکەی بەهێز ئۆکسجین نەبو بۆ نەخۆشەکانی ئەو روداوەی بە کار بهێنن، بۆنەخۆشخانەی کۆرۆناش ئەوانەی نیشانەکانیان بە قورسی تێدا دەردەکەوێت پێویستیەکی زۆریان بە ئۆکسجینە، تەندروستی گەرمیان لە رێگەی بەرێوبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانیەوە ئۆکسجینی بۆ دابینکرا.

### ٢. چەند ئامێرێک بۆ توشبوانی کۆرۆنا لە گەرمیان نیە

نەخۆشخانەی قەڵا تاڕادەیەک وەک بەرپرسانی بەشەکان ئاماژەی پێدەکەن، پێداویستیەکانیان بەردەستە، بەڵام بەشێکی ئەو ئامێرانەی کە گرنگن ژمارەیان وەکپێویست نیە و لە ئەگەری کردنەوەی نەخۆشخانەی گشتی ئەم گرفتە بەرۆکی تەندروستی دەگرێت.

چەند ئامێرێکی گرنگ و تایبەتی بەشی چاودێری ورد کە ئێستا نەخۆشخانەی قەڵا ئەو ناوەی هەڵگرتەوە، لە نەخۆشخانەکەدا نیە یان هەندێکی هی ئەو نەخۆشخانە نیە.

کاروان محەمەد رەشید، کارگێری سەنتەری تیشک کە وەکو کارمەندی کارگێڕی نەخۆشخانەی قەڵاش کاردەکات، هێمای بەوەکرد: پێویستە ژمارەی ئامێری هەناسەدانی دەستکرد زیادبکرێت، کە ژمارەیان (١١) دانەیە و دوانیان هی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهیدهەژارە.

ئاماژەی بە ئامێری دیکەش کرد، ئەوانیش: ئامێری تیشک، ئامێری تاقیگە و ئامێری سیتی سکانن کە گرنگن بۆ نەخۆشخانەکە.

ئەم ئامێرانە دەبێت لە بەشی چاودێری ورد هەبن بەتایبەت ئەو ئامێرانە لە نەخۆشخانەی گشتی بەردەستە ئەگەر لە داهاتو بۆ نەخۆشی گشتی و کۆرۆنا بکرێت ئەوا خودی ناوەندە تەندروستیەکە دەبێتە جێیەک بۆ گواستنەوەی ڤایرۆسەکە.

## پێنجەم: بودجەی دابینکراو

تا ئێستا بەوردی تەندروستی گەرمیان ئاشکرای نەکردوە بڕی بودجەکەی کە بۆی دیاریکراوە چەندە و چۆن خەرجکراوە؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە و هەروەها قسەکردنی گشتی لەسەر دۆخی دو مانگی روبەڕوبونەوەی کۆرۆنا، یەکەکەمان پەیوەندی بە بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان (د. سیروان محەمەد جەمال)ەوە کرد، بەڵام ئامادە نەبو قسەبکات.

هەربۆیە نەمانتوانی وەڵامێکی دروست لەسەر بڕی تەرخانکراوی بودجەی روبەڕوبونەوەی کۆرۆنا و چۆنیەتی خەرجکردنی بەدەستبخەین، ئەمەش لەکاتێکدایە کە پێشتر هەندێک لە چالاکوانان تێبینیان لەسەر ئەم بوارە هەبو.

لەگەڵ ئەوەشدا بەڕێوبەری نەخۆشخانەی گشتی بێئاگای خۆی دەردەبڕێت لە بڕی بودجەکە و ئاماژە بەوەدەکات پێداویستیەکان بە لیژنە کڕاوە.

د.هاوار وشیار، وتیشی: کڕین بۆ ئامێر و پێداویستیەکان بە لیژنە بوە، دەرمانیش لە کۆگاوە بۆمان دابیندەکرا، بۆیە ئێمە نازانین چەند بڕە پارە هاتوە بۆ تەندروستی گەرمیان و چۆن خەرج کراوە.

دەسەڵاتی بەدواداچون بە وتەی بەڕێوبەری کاری یاسایی لە ئیدارەی گەرمیان لە دەستی ئەمان نیە بۆ خەرجکردنی ئەو پارەیە، بەڵکو لە یەک حاڵەتدا دەتوانن بۆ ئەم پرسە رۆڵیان هەبێت، ئەویش لەکاتێکدایە ئیدارەی گەرمیان خۆی پارەکەی دابین کردبێت.

ئاماژەی بەوەشکرد: هاوکات لە کاتێکی دیکەشدا داواکاری گشتی دەتوانێت دۆسیە بکاتەوە بۆ ئەم پرسە، ئەگەر کەسێک بەڵگەی هەبێت کە بە نابەرپرسانە مامەڵە لەگەڵ پارە دابینکراوەکەی هاوکاریەکان کراوە.

## شەشەم: ڕەوش و کێشەی نەخۆشخانە

### ١. نەخۆشخانەی گشتی کەلار

لە قۆناغەکانی ئامادەکرنی نەخۆشخانەی گشتی بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، ٥٠ بێد "قەرەوێڵە" لە هۆڵەکانی داخلکردنی نەخۆشی هەناویی و منداڵان ئامادەکرا و تاوەکو سەرەتای بڵاوبونەوی ڤایرۆسەکە بە چڕی سەرجەم نەخۆشانی کۆرۆنا لەم نەخۆشخانەیە داخل دەکران.

ئەرکان محەمەد، لێپرسراوی ئیدارەی نەخۆشخانەکە، قسەی لەمبارەیەوە کرد و وتی: لە ٢٥ شوباتەوە دەست بە ئامادەکاری کرا لە نەخۆشخانەکە تاوەکو کردنەوەی نەخۆشخانەی قەڵا نەخۆش لەنەخۆشخانەی گشتی داخلدەکرا، بەڵام دواتر داخرا.

دوای ئەوەی نەخۆشخانەی قەڵای تایبەت بەنەخۆشیە گوازراوەکان نەخۆشی کۆرۆنای تێدا داخلکرا/ دەرگای نەخۆشخانەی گشتی بە ڕوی توشبوانی ئەو ڤایرۆسە داخرا، لەکاتی زیادبونی ژمارەی توشبوان و بڵاوبونەوەی ڤایرۆسەکەش بەچڕی ئەگەرچی ژمارەی حاڵەتە قورسەکان گەشت بە سەروی ٩٠ کەس، بەڵام دەرگاکەی بەداخراوی مایەوە.

د.هاوار وشیار، دەڵێت: "تەواوی ستافی نەخۆشخانەکەمان لە ئەرک دابون لە قەڵا و ستافی دیکە دابین نەکرابو بۆمان، نەماندەتوانی لە نەخۆشخانەی گشتی و قەڵاش نەخۆش داخلبکەین"

ئەرکان محەمەد، لێپرسراوی ئیدارەی نەخۆشخانەکە کۆمەڵێک هۆکاری دیکەی خستەڕو وتی: نەخۆشخانەی گشتی سیستەمی مەرکەزی ئۆکسجینی نەبو کە گرفتێکی زۆر گەورەبو، لە ڕوی دەرونیەوە بۆ نەخۆشەکان نەشیاو بو شوێنێک نەبو نەخۆش بتوانێت ڕێبکات و پشوی تێدا وەبگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ژورەکانیشی بچوک بون.

بە پێی زانیاریەکانی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان، ئەوکاتەی ژمارەی نەخۆش گەشتۆتە سەروی ٩٠ حاڵەتی قورس لە نەخۆشخانەی قەڵا، کەچی هۆڵەکانی نەخۆشخانەی گشتی نەکرانەوە بەروی نەخۆشەکان.

ئەرکان محەمەد، دەڵێت: "ئەمە ڕاستە، ٢٤ بێدمان لەم نەخۆشخانەیەوە برد بۆ نەخۆشخانەی قەڵا، چونکە یەک نەخۆش لە ماوەی ٢٤ کاتژمێر ٤بۆ ٦ بوتڵ ئۆکسجینی دەویست، ئەمەش بارگرانیەکی زۆربو بۆ کارمەندەکانمان و نەخۆشەکانیش، چونکە سیستەمی ئۆکسجینی نەخۆشخانەی گشتی مەرکەزی نەبو".

ئەگەر بۆ ٩٠ نەخۆش ئەمە کرا پرسیار ئەوەیە ئەگەر زیاد لە ١٠٠ نەخۆشی حاڵەتی قورسی هەبێت، تەندروستی پلانی چی دەبو؟

### ٢. نەخۆشخانەی قەلا

ئەم نەخۆشخانەیە لە ٧٠ بێد پێکدێت و لەسەر ئەرکی خێرخوازان لە سەرەتای دەرکەوتنی پەتای کۆرۆنا لە مانگی ئازار دەست بە دروستکردنی کرا و لە بەرواری ٩ حوزەیران کرایەوە و نەخۆشی تێدا داخلکرا.

تاوەکو ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە نەخۆشخانەکە فەرمانی وەزاری بۆ دەرنەکراوە بۆ ئەوەی ستافی سەربەخۆی بۆ دیاری بکرێت، بەڵکو وەک بەشێک لە نەخۆشخانەی گشتی کەلار کارەکانی بەڕێوە دەبرێت.

#### ا) "قەلا" بێبەشە لە تاقیگە و تیشک

چەندین بەش و هۆبەی گرنگ لە نەخۆشخانەی قەلا بونیان نیە، ئەگەرچی ناوی تایبەت کراوە بە نەخۆشیە گوازراوەکان و چاودێری ورد، لەگەڵ ئەوەشدا بە وتەی شارەزایانی تەندروستی، بینای نەخۆشخانەکە بەتەوای شیاوە بۆ مامەڵەکردن لە گەڵ نەخۆشیەکە.

کاروان محەمەد، لەبارەی ئەمەوە وتی: نەخۆشخانەکە بێبەشە لە تاقیگەیەکی تایبەت بە چاودێری ورد و تیشک و سۆنار، کە ئەمانە گرنگە لەناوخۆیدا هەبێت.

نەخۆشی گوازراوە لە ناوەکەیدا دەردەکەوێت کە نابێت هەڵگرەکەی ببرێتە بەش و شوێنێکی گشتی، لەگەڵ ئەمەشدا عەباس عەبدولعەزیز، دەڵێت: کە وەزیری تەندروستی هاتۆتە گەرمیان و بیناکەو قاوشەکانی داخلکردنی نەخۆشەکانی بینیوە لە نەخۆشخانەی قەلا، وتی: لە هەولێریش شوێنی داخلکردنی نەخۆشەکان بەمشێوەیە نیە هێندە بە سیستەم و رێکوپێکە.

**ب) نەخۆشخانەی قەڵا لەنێوان سەربەخۆبون و مانەوەی وەک هۆڵێکی چاودێری**

ئەگەرچی وەک نەخۆشخانە ناوی دەهێندرێت و بەو ناوە دروستکرا، بەڵام تائێستا "نەخۆشخانەی قەڵا" وەک هۆڵێک بۆ چاودێری توشبوانی نەخۆشیەکە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، زۆرینەی راکانیش لەسەر ئەوەن وەک نەخۆشخانەیەکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.

عەباس عەبدولعەزیز، جەختی کردەوە لەوەی کە ئەو بە گرنگی دەزانێت نەخۆشخانەکە سەربەخۆ بێت، چونکە ئەوکات ستافی تایبەتی خۆی دەبێت و کۆگا و ئامار و زانیاری وردی دەبێت لەگەڵ کردنەوەی نەخۆشخانەی گشتیشدا بارگرانی روبەروی نەخۆشخانەکە دەبێتەوە لە بەر ئەوەی سافی ئەو نەخۆشخانەیە ئیدارەی قەڵا دەدەن.

ئەمەو لێپرسراوی کارگێری نەخۆشخانەی گشتیش هەمان رای هەیە، بەوەی نەخۆشخانە سەربەخۆ بێت نەوەک وەک قاوشێک سەیری بکرێت.

لەگەڵ ئەمانەشدا بەرچاوڕونیەک نیە بۆ سەربەخۆبونی نەخۆشخانەی قەڵا. د.هاوار وشیار، لە بارەی ئەمەوە وتی: لە داهاتویەکی نزیکدا سەرجەم بەشەکانی نەخۆشخانەی گشتی دەکەینەوە، بەڵام ئەوەی هەیە دیار نیە کە نەخۆشخانەی قەڵا سەربەخۆ دەبێت یان نا.

**حەوتەم: لێپێچینەوە لە "کەمتەرخەمیەکان"**

**١. ئیدارەی گەرمیان**

بەڕێوبەری کاروباری یاسایی لە ئیدارەی گەرمیان، باس لە بێدەسەڵاتکردنی ئیدارەی گەرمیان دەکات لە هەمبەر ئەو کەموکورتیانەی لە دەزگا جیاجیاکانی سنورەکە دێتەپێش، تەندروستی و مامەڵەی لە گەڵ کۆرۆنا بەنمونە دێنێتەوە.

فەرهاد نامیق، ئاماژەی بەوەکرد لە ساڵی (٢٠١٦)ەوە بە بڕیار دەسەڵاتی لێپێجینەوە و سزادان لە پارێزگارەکان وەرگیرایەوە، دەڵێت: لەو چوارچێوەیەشدا تەنها دو رێگەمان لە پێشە، لە حاڵەتی بونی گرفت و کێشەی فەرمانگەیەک یەکەم بەدواداچون بکەین و داوکاری گشتی ئاگەداربکەینەوە، یان کەموکورتیەکان بە راپۆرت بدەین بە وەزارەتەکەی، بۆ ئەم پرسەی تەندروستی داواکاری گشتی لەسەر خەتە و بە زارەکیش گرفتەکە بە وەزیر گەیەندراوە.

لە کاتێکدا گەرمیان کەوتە مەترسیەوە خێرخواز و چالاکوان و سەرمایەدارن بە هانای تەندروستیەوە هاتن کەواتە ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە ئەوکاتەی کە تەندروستی ناوچەکەوە کەوتبوە مەترسیەوە بەهۆی ئەوەی دەستبەجێ لێپێچینەوە نەکرا، ئەگەر هەبو کارەسات لە گەرمیان دروست ببوایە کەواتە گرنگی چیە ئێستا لێپێچینەوە بکرێت؟

فەرهاد نامیق، دەڵێت: ئەمە گرفتێکی زۆر گەورەیە کە بەرۆکی ئیدارەی گەرمیان و ئیدارەی پارێزگاکانی گرتوە کە ناتوانین دەستبەجێ لێپێچینەوە بکەین، بۆ ئەو مەبەستەش زیاد لەجارێک سەروی خۆمان ئاگەدار کردوەتەوە.

**٢. داواکاری گشتی**

سەرۆکی فەرمانگەی داواکاری گشتی گەرمیان، رایدەگەیەنێت لێکۆڵینەوەی وردیان کردوە لەسەر لایەنی کەمتەرخەمی تەندروستی لەکاتی روبەڕوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و سکاڵایان جوڵاندوە بۆ دادگای دەستپاکی کەلار.

دادوەر: ئینتیسار فازڵ، سەرۆکی فەرمانگەی داواکاری گشتی گەرمیان، دەڵێت :"لە بەرواری(٢٠٢٠/٧/١٣) زانیاریم پێگەشت کەوا کەموکورتی هەیە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان بۆ توشبوانی نەخۆشی کۆرۆنا لە نەخۆشخانەی قەڵا و نەخوشخانەی گشتی لە کەلار، دوای ئەوە ئەندامێکی داواکاری گشتیم راسپارد بۆ سەردانی هەردو نەخۆشخانە تاوەکو لێکۆڵینەوە بکات لە دەستنیشانکردنی کەسانی کەمتەرخەم".

لەسەر بنەمای راپۆرتەکە، سەرۆکی داواکاری گشتی سکاڵای جوڵاندەوە بۆ دادگای دەستپاکی کەلار، وەکخۆی وتی: "دژی کەسانی کەمتەرخەم بۆ ئەوەی رێکاری یاسایی بگیرێتەبەر".

ئاماژەی بەوەشکرد: لە راپۆرتەکەدا زانیاری تەواوی تێدایە لەسەر: (بونی کەمتەرخەمی، کەمی دەرمان، کەمی ژمارەی پزیشک و کەمتەرخەمی لە روی پاکوخاوێنیەوە).

سەرۆکی فەرمانگەی داواکاری گشتی گەرمیان، دڵنیایی ئەوەشیدا پاش تەواوبونی لێکۆڵینەوەکان، هەمو ئەنجامەکان دەخەنەڕو.

## بەشی دووەم: دەرەنجام و ڕاسپاردەکان

### یەکەم: دەرەنجام

١. بەپێی هەڵسەنگاندنی خودی ئەو کەسانەی لەناو سلکی تەندروستی دان و ئەوانەشی لە دەرەوەی دان، شڵەژان و گرفت و کەموکورتیی لە هەمو ڕوەکانەوە هەبوە لە مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی پەتای کۆرۆنا لە دو مانگی ڕابردودا لە گەرمیان. بەشێک لە هۆکارەکان لەسەروی توانای بەرپرسانی بوارەکان، وەکو: قەیران و نەبونی بودجە و نەبونی ژێرخانی پتەوی تەندروستی، بەشێکی دیکەشی پەیوەندی هەیە بە بەرپرسانەوە لە روی ئیدارەدان و ئامادەکاریی نەکردنی تەواوەوە.

٢. ئەم پەتایە دەریخست کە کەرتی تەندروستی لە دەڤەرەکەدا زۆر لاواز و پایە لەرزۆکە، بەشێوەیەک بەرگەی پەتا و کێشەی لەمشێوەیە ناگرێت. کەرتی تەندروستی وەک لە (٢٤) ڕاپۆرتی پێشوی یەکەکەماندا خستومانەتەڕو، بەدەست دەیان کێشەی بونیادییەوە دەناڵێنێت، ئەم کێشانەش چارەسەر نەکران هەتا لەم پەتای کۆرۆنایەدا بە زەقی دەرکەوت و زیانی زۆری هاوڵاتیانی لێکەوتەوە.

٣. لەپاڵ ئەوەی حکومەت هەنگاوی ئەوتۆی نەنا بۆ دروستکردنی بینا و دابینکردنی ئامێر بۆ پرۆسەکە، بەڵام خێرخوازان هەر زو بەو کارە هەستان، کەچی لەبەرامبەردا تەندروستی گەرمیان ئامادەکاریەکی ئەوتۆی نەکرد بۆ ئیدارەدانی ئەو ناوەندانە و دابینکردنی ستاف و خشتەی دەوام و ...هتد، هەتا ئەوەی پەتاکە بە بەربڵاویی تەشەنەی سەند، دەتوانرێت بوترێت کە تەندروستی گەرمیان لەم روەوە کەمتەرخەم و دڵسارد بوە.

٤. لە روی ستافەوە کێشەیەکی زۆر هەبو لە پرۆسەی بەرەنگاربونەوەدا، چ لە روی چەندێتی و چی چۆنێتیش. چونکە لە هەندێک بوار دا ستاف زۆر کەم بوە و تەنانەت نەبوە، وەکو (پزیشکی نیشتەجێی دێرین)، هەروەک پزیشکی پسپۆڕ و نیشتەجێی خولاویش هەر کەم بون و بەپێی پێویست نەبون.

هاوکات لە روی چۆنێتیشەوە، ئەوا ئەم پەتایە تازە بوە بەلای ستافەکان و زۆریان لەبارەیەوە نەزانیوە، بەتایبەتی بەشێک لە کارمەندان هی ئەوە نەبون بخرێنە ژێر ئەم بارە و پێشتریش هیچ خول و ڕاهێنانێکیان بۆ نەکراوەتەوە.

٥. تەندروستی گەرمیان لە سەرەتاکانی دروستبونی مەترسی لە کۆتاییەکانی مانگی شوبات، هەنگاو و ڕێکاری باشی گرتەبەر کە لە ڕاپۆرتێکدا بە درێژیی ئاماژەی بۆ کراوە، بەڵام هەست دەکرێت لەم قۆناغەی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسەکەدا سارد بوەتەوە و دەستی شل کردوە و ئامادەکاری بۆ ئەگەری بۆ بڵاوبونەوەی ڤایرۆسەکە دانەنابو، هەربۆیە کە

ڤایرۆسەکە بڵاوبویەوە، لەبری توندوتۆڵکردنی کارەکانی، توشی شپرزەیی و لەدەستدانی هاوسەنگی هات و ئیدارەیەکی باشی پەتاکەی نەدا.

٦. ئەو خزمەتگوزاریانەی لە نەخۆشخانەکان پێشکەشکراون، تێبینی جیاوازیان لەبارەوە هەیە، لەکاتێکدا هەندێک لێی رازین و بە باشی دەزانن، هەندێکی تر بە نەگونجاو و بگرە خراپی دەزانن، کە تەنانەت هەیە لەوانە خۆیان کارمەندی دەزگاکەن. ئەمە بێلەوەی هەندێکی دیکە هۆکاری گیان لەدەستدانی رۆڵەکانیان دەخەنە ئەستۆی خراپی خزمەتگوزاریەکان.

٧. لە روی بەدواداچون و لێپێچینەوە، لە ئاستی ناوخۆی دەزگاکەدا هیچ هەنگاوێک نەنراوە و باس لەوە نەکراوە لیژنەی لێکۆڵینەوە یان بەدواداچون پێکهێنرابێت بۆ هەڵسەنگاندنی کێشە و چۆنیەتی چارەسەرکردنی، بەڵام لە دەرەوەی دەزگاکە داواکاری گشتی هاتوەتە سەر هێڵ و راپۆرتێکی ئامادە کردوە و راپۆرتەکەیشی ئاراستەی دادگا کردوە. ئەمە جگە لەوەی ئیدارەی گەرمیان رایدەگەیەنێت دەسەڵاتی لێپێچینەوەیان لێسەندراوەتەوە.

٨. ململانێی حزبیی بەتایبەتی لەنێوان یەکێتی و گۆڕان، بە ئاشکرا لەم کەرتە و بەتایبەتی لە روداوەکانی پەیوەندیدار بەم پەتایەدا بەدیی کرا، ئەگەرچی بە راشکاویی لەلایەن بەرپرسانی تەندروستیەوە دانی پێدانانرێت.

٩. نەخۆشخانەی قەڵا کە تاکە ناوەندی تایبەتی چارەسەری کۆرۆنایە، هیچ سیفەتێکی فەرمیی نیە وەکو نەخۆشخانە و تائێستا فەرمانی نیە، ئەمەش دۆخی ئەو ناوەندە و بگرە نەخۆشخانەی گشتی کەلاریشی بە مۆلەقی هێشتوەتەوە.

١٠. لەکاتێکدا خێرخواز و چالاکوانان کۆمەکیان بۆ کڕینی دەرمان و پێداویستی و ئامێر کۆدەکردەوە، دەوترا حکومەتیش بودجەی تایبەتی هەیە، بەڵام خەرجی ناکات، بەڵام بەوهۆیەی بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان ئامادە نەبو قسە بکات لەمبارەیەوە، نەمانتوانی بە راست و دروستی ئەم وتەیە بگەین. ئەم قسەنەکردنەی بەڕێوبەری گشتیش، جگە لەوەی دژە بە یاساکارپێکراوەکانی هەرێمی کوردستان (یاسای رۆژنامەگەری و مافی بەدەستهێنانی زانیاریی)، هاوکات گومانی زیاتریش لەسەر ئەو بابەتە دروست دەکات.

**دووەم: ڕاسپاردەکان**

١. ئەم پەتایە دەریخست کە دۆخی تەندروستی و بونیادی تەندروستی لە ناوچەکەدا خراپە، بەشێوەیەک بەرگەی پەتا و نەخۆشی گەورە و قورس ناگرێت، ئەمەش دەبێت حکومەت ناچار بکات بە پێداچونەوە بەم کەرتەدا، سەرەتاش واباشە ڕوپێویەکی گشتگیر بۆ ئەم بوارە بکرێت و بە وردیی کێشە و لایەنە بەهێز و لاوازەکان دیاریی بکرێن و پاشان و بە پشت بەستن بەم ڕوپێویە، دەست بە ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بکرێت.

٢. لەمیانەی ئەم ڕاپۆرتە و هەروەک لەماوەی دو ساڵی ڕابردومان بۆ چاودێریی کەرتی تەندروستی، بۆمان دەرکەوتوە کە یەکێک لە کێشە گەورەکانی ئەم کەرتە، حزبە، بەشێوەیەک حزب دەستی باڵای هەیە لە شێواندنی ئەم کەرتە و دانانی کەسانی نەشیاو و ناشارەزا لە پۆستی گرنگ و هەستیار، هەروەها دروستکردنی پشێویی و دەستوەردانی هەمیشەیی بە ئاقارێکی سلبی دا.

پێشنیاز دەکەین ئەم کەرتە بەدەر بکرێت لە دەست و بەرکەوتەی حزب، بەشێوەیەک ئەم سێکتەرە بە کەسانی پسپۆڕ پڕبکرێتەوە بەبێ ڕەچاوکردنی حزب و پشکی حزب، بەوپێیەش ئەم پۆستە بەرکەوتەی هیچ لایەنێک نەبێت و بدرێت بە کەسانی سەربەخۆ لەسەر بنەمای پیشەیی و توانستی زانستی و ئیداریی.

٣. کێشەی کەمی و نەبونی پزیشک، یەکێکە لە کێشە بەردەوامەکانی کەرتی تەندروستی لەگەرمیان، هیچ کاتێکیش هەوڵی جیدیی بە ئاقاری چارەسەرکردنی نەنراوە، دەبێت حکومەت چیتر ئەم بابەتە پشتگوێ نەخات و بەپێی ڕێژەی دانیشتوانەکەی و پێویستیەکەی، پزیشک لە هەمو ئاستەکاندا بۆ گەرمیان دابین بکات.

هاوکات هەر لەم پرسەوە دەچینە سەر ئەو بابەتەی کە مەرکەزیەت زیانێکی زۆری بە کەرتی تەندروستی و هەمو سێکتەرەکانی تر داوە، چونکە ئەگەر لامەرکەزیەتی ئیداریی لەم کەرتە و کۆی حوکمڕانی بەرجەستە بکرێت، ئەوکاتە ئیدارە و سێکتەرەکان دەستکراوەتر دەبن بەو بودجە و ئیمکانیاتەی دەیانبێت، پێویستیەکانیان لە ڕوی توانای مرۆیی و کەرەستەی مادیەوە دابین بکەن.

٤. تەندروستی گەرمیان دەبێت دوربینانە مامەڵە بکات و تەنها ئەمڕۆ و ئێستا نەبینێت، بەڵکو دەبێت چاوی لەداهاتو بێت و لەو ڕوەوە ئامادەکاری پێویست بکات، چ لە ڕوی دابینکردنی ستاف و پێداویستیەوە، چ لە ڕوی شوێن و بینا و هی دیکەوە.

بۆ ئەم پەتایە دەبو تەندروستی گەرمیان لەگەڵ ڕادەستکردنی نەخۆشخانەی قەڵا، ستافی ئامادە بکردایە و ڕاهێنانی پێبکردنایە و لە ئامادەباشی دا بوایەن، بۆ ئەوەی کە پەتاکە بڵاوبویەوە، بەو دەردە نەچوبایەن کە چون.

ئەم راستیە دەبێت بۆ ئایندەش ڕەچاو بکرێت.

لێرەشەوە پێشنیاز بۆ ئەو دەزگایە دەکەین کە ئەم ئەزمون و وردەکاریانە تۆمار بکات و بۆ داهاتو سودی لێببینێت و کۆنفرانس و دیبەیت و سیمیناری تایبەت بەم بوارە ئەنجام بدات، بە ئامانجی دەستنیشانکردنی خاڵە بەهێز و لاوازەکان و گواستنەوەی ئەم ئەزمونانە بۆ شوێنی دیکە و سودبینیاین لەکاتی سەرهەڵدانی روداو و پەتای هاوشێوە و دیکە.

٥. یەکێک لەو بوارانەی زۆر فەرامۆشکراوە، بابەتی ڕاهێنان و کۆرس و ئامادەکاریی و ئەپدەیتی زانستیە، کە ئەمە لەم پەتایەدا مەترسی و لێکەوتەکانی بە زەقی بەسەر کەرتی تەندروستی و هاوڵاتیانیشەوە دەرکەوت.

دەبێت ئەم دەزگایە لەمڕووەوە پلانی باشتری هەبێت و گرنگیی زۆر بە پێگەیاندن و ڕاهێنانی ستافەکانی بدات و سود لە ناوەندە زانستیەکانی ناوخۆ و دەرەوەش ببینێت.

٦. هاتنە سەرهێڵی داواکاری گشتی بۆ ئەم پرسە، لایەنێکی ئیجابی و باشە، چونکە لەکاتی بونی تێبینی و رەخنەی زۆر لە خزمەتگوزاریە حکومیەکان، گرنگە ئەم دەزگایە بە رۆڵی چاودێریی خۆی هەستێت و بەدواداچونی پێویست بکات و بەپێی پێویست دۆسیەکان روبەڕوی دادگا بکات، یان بۆ رایگشتی دەرەنجامەکانی رون بکاتەوە.

٧. پێویستە تەندروستی گەرمیان شەفافانە مامەڵە بکات لە مەسەلەی دارایی دا و بودجە و خەرجییەکان بۆ رایگشتی ئاشکرا بکات و بوارێک بۆ گومان و تێبینی نەهێڵێتەوە. هاوکات لە قسەکردن دا لەسەر تێبینیەکان لە خزمەتگوزاریەکانیان دا، راشکاو بێت و وەڵامی پرسیار و رەخنە و تێبینیەکان بداتەوە.

**بەشی سێیەم: ناساندن**

## ١. ناساندنی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان

یەکەیەکی رۆژنامەوانی و بەدواداچونی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

❊ ئامانجی یەکە

١. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.

٢. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.

٣. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.

٤. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

❊ کارەکانی یەکە

١. ئەنجامدانی راپۆرتی مانگانە لەسەر چالاکی و خزمەتگوزاریەکان و هەروەها دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکان و رەوانەکردنی ئەو راپۆرتانە بۆ حکومەتی ناوەندی و پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی خۆجێیەتی.

٢. ئەنجامدانی هەڵمەتی فشار بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە سنورەکەدا.

٣. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاریی بەهاوکاری دەزگا فەرمییەکان.

٤. ئەنجامدانی کۆبونەوەو کۆنفرانس و دانیشتن لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکان و حکومەتی خۆجێیەتی، بە ئامانجی برەودان بە جۆری خزمەتگوزاریی و فەرمانڕەوایەتی.

٥. ئەنجامدانی بەرنامەی تایبەت لە کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ باشترکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی نێوان خەڵک و حکومەت.

* بنەما پیشەیی و ئەخلاقیەکانی کارکردنی یەکە

١.لایەنگیریی نەکردن لە کارکردن لەسەر کێشەو کەموکورتیەکان.

٢.پابەند بون بەپیشەیی بونەوە لەخستنەروی بابەتییانەی کێشەکان.

٣.وەرنەگرتنی هیچ کۆمەک و هاوکاریەکی دارایی لە حکومەت و حزب.

## ٢. ناساندنی رادیۆی دەنگ

رادیۆی دەنگ، یەکەمین رادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.

لە ساڵی ٢٠١٠ەوە دامەزراوەو لە بەرواری ٦ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.

ئەم رادیۆیە، لەلایەن هەردو رۆژنامەنوس (جەزا محەمەد) و (ئازاد عوسمان)ەوە بەهاوکاری ژمارەیەک گەنجی رۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجیشی بریتیی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەرێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.

رادیۆکە، بە نوسراوی ژمارە (٢٦٥) لە بەرواری (٢٠١٠/٢/٢) و بەرێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ شەپۆلی رادیۆکە بە نوسراوی ژمارە (٣٦٨) لە بەرواری (٢٠١٠/٢/٢) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە.

لەئێستادا رۆژانە ٢٤ کاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی ٩٩.٩ FM پەخشی بەرنامەکانی دەکات، هاوکات سایتێکی ئینتەرنێتیشی هەیە هەواڵ و بەرنامەو پەخشی بەرنامەکاتی تێدا دەکات بەناونیشانی (radiodang.org).

رادیۆکە، رادیۆیەکی کۆمەڵگەییە، واتا بۆ کۆمەڵگەو ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی پەخش دەکات، لەبوارە جیاوازەکانی وەکو: سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابوری، رۆژشنبیریی، کەرتی خزمەتگوزاریی و حکومیی و وەرزشیی و ... هتد، بەدواداچون دەکات. هاوکات بەدواداچونیش بۆ پرسە نیشتمانیی و کێشە سەرانسەریەکان دەکات و رەهەندە نیشتمانیی و مرۆڤانەییەکانی بەهەند وەرگرتوە.

جگە لە کاری میدیایی، رادیۆی دەنگ چەندین پرۆژەی دیکەی لەماوەی شەش ساڵی تەمەنی دا ئەنجامداوە، لەوانە: (کردنەوەی خولی پێگەیاندنی رۆژنامەنوس، خولی پەرەپێدان بەتوانانی رۆژنامەنوسان، ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار، سپۆنسەر کردنی هەندێک چالاکی هونەریی).

## ٣. ناساندنی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED

سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانج نەویستی تایبەتە بە گەشەپێدان و پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (١٢٠٠) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (٩٠) نەوەد وڵاتدا دەکات.

(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (١٩٨٣) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکیفرە رەهەندو ئاڕاستەو بوەتە چەق بۆ چالاکیو ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا.

(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات کە دوبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.

## ٤. ناساندنی ناوچەی گەرمیان

گەرمیان بەناوچەیەکی دیارییکراوی سەر پارێزگای کەرکوک بەپێکهاتە کۆنەکەی هەژمار دەکرێت کەدواتر بەهۆکاری تەعریب، خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.

ئەم ناوچەیە، لەکۆمەڵێک قەزا پێکدێت، بەڵام لەروی ئیدارییەوە، ئیدارەی گەرمیان لەئێستادا کورت بوەتەوە بۆ قەزاکانی: (کەلار و کفری و بەشێک لە قەزای خانەقین.)

لەدوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی  پارێزگای کەرکوک کە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان و بەشێک لە ناحییەکانی قەزای خانەقین) دەگرتەوە، پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوک.

بەپێی پێگەی فەرمیی ئیدارەی گەرمیان لە ئەنتەرنێت، دوای روخانی ڕژێمی پێشوی عێراق لەساڵی ٢٠٠٣دا، جارێکی تر گەرمیان کە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی پارێزگای کەرکوک لە دەربەندیخان، بۆچارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بڕیارێک لە رۆژی ٢٠٠٦/٨/٦ "ئیدارەی گەرمیان"ی پێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لەپێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی ٢٠٠٨ بڕیاریدا ئیدارەی گەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو روەشەوە دەسەڵاتی پارێزگار بە خشراوەتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.

*** ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:**

١. ئەحمەد حەمید وەلی

٢. زریان محەمەد

٣. رێناس ساڵح

*** بۆ پەیوەندی:**

٠٧٧٠٢٣٠٣٦٧٦ - ٠٧٤٨٠٢٠٧٤٠٠

yakaychawderigarmyan@gmail.com     Radiodeng@yahoo.com

www.radiodang.org